دارایی عێراق هەتیکدەکاتەوە هیچ دامەزراندنێك یان کردنەوەی هەڵی کارێکی نوێ لەئستادا هەبێت



وەزارەتی دارایی عێراق ئەمڕۆ ڕۆژی هەینی هەتیکردەوە هیچ دامەزراندنێك یان کردنەوەی هەڵی کارێکی نوێ لەئستادا هەبێت و ڕاشیگەیاند، هیچ داموددەزگایەکی حکومی دەسەڵاتی دامەزراندن یان گرێبەستی نوێ نییە.

وەزارەتی دارایی عێراق ڕایگەیاند، "ئەو زانیاریەکانەی هەتدەکاتەوە کە لە هەندێك دەزگای ڕاگەیاندن و تۆڕەکانی سۆشیال میدیادا باوبونەتەوە سەبارەت بە بونی دامەزراندن یان کردنەوەی دەرگا بە پستی نوێی کار لەئستادا".

جەختیشکردتەوە، هیچ دەسەڵاتێك نییە بە دانانی پلەی وەزیفی نوێ یان بەکارهێنانی پستی کاری زیادەی لە دەرەوەی ئەوەی لە یاسای بودجەی گشتیدا دیاریکراوە.

وەزارەتی دارایی لەڕاگەیەندراوەکەیدا باسی لەوەشکردوە، "هیچ داموددەزگایەکی حکومی دەسەڵاتی دامەزراندن یان گرێبەستی نوێ نییە، جگە لە (150 هەزار پستی هەلیکار) کە بەپێی ژمارەی دانیشتوانی هەر پارێزگایەك دابەشکراوە، لە چوارچێوەی یاسای بودجەی ساڵی 2023 دامەزراون و کارکردن لەسەریان بەتەواوی کۆتایی هاتوە".